# کاتێك ڕۆشنبیریی دەبێتە دیاردەیەکی دزێو

یاسین بانیخێلانی

ئەگەرچی زالوو زەلکاو دروستی دەکات، بەڵام

ئەو مەلەی خۆیشی لە ئاوی ڕووندا دەکات

لێرەدا من قسەم لەسەر ڕۆشنبیریی وەك چەمك نییە ئەوەندەی قسەم لەو وتارە ڕۆژانەیە، کە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی دزێو لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا! دیاردەیەك دەخوازێت هەموو کایە ڕۆشنبیرییەکان لەو خاڵەدا بەرجەستە بکاتەوە، کە خودی گوتاری ڕۆشنبیریی لەهەموو چەمك و ماناکانی دابماڵێت و بیکات بە قسەی سادەو ڕۆژانە! وتارێك دەخوازێت هەموو ماناکان بۆ چەند بڕیارێکی ئایدۆلۆژی و بیرتەسکی کورتبکاتەوەو بەسەر دوو ڕەنگی ڕەش و سپیدا دابەشیان بکات! وتارێك لە نێوان ڕەنگی ڕەش و سپیدا ڕەنگێکی تر نابینێت!. وتارێك ئەمڕۆ پێمان دەڵێت: دەبێت هەموومان یەك ئاوازبخوێنین هەتا خەڵك بە یەك ڕیتم بەو ئاوازەی ئێمە سەما بکەن! ئەمانەو چەندەها نمونەی تری ئەو وتارە ڕۆژانەییەیە، کە خەریکە دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی دزێو لەناو ڕۆشنبیرییەتی کوردیدا دروست دەکات.

مەترسی ئەو گوتارانە لەوەدایە، کە خاوەنەکانیان هیچ بیرو ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندییەك کۆیان ناکاتەوە تەنها لە سەرکوتکردنی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکاندا نەبێت، ئەمەش یەکێکە لەو دیاردانەی، کە شەڕی حیزبەکان لەدوای ڕاپەڕینەوە هێنایانە ناو ڕۆشنبیریی کوردییەوە، هەتا ڕۆشنبیران و ئەوانەی بەڕاستی خوازیاری بەرهێمهێنانەوەی ڕۆشنبیریین لەسەر ئاستی ئازادی بیروڕادەربڕین و پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان ملیان بۆ بڕیارو یاساکانی حیزب شۆڕ نەدەکرد، لەبەرەیەکدا ناچاری خۆ ساغکردنەوەیان پێبکەن و تا ڕادەیەکی زۆریش لەم ڕووەوە سەرکەوتن و ڕەگەزێکیان بەناوی ڕۆشنبیری (بێلایەن) و سەربەخۆ لە کوردستاندا نەهێشت. ئەم دڵڕەقییەی حیزبەکان لەدوای ڕاپەڕینەوە بەرامبەر ڕۆشنبیران کردیان بە هەموو چاوترساندن، تۆقاندن و تیرۆرەکانەوە، جگە لەپاشماوەی کولتوری بەعس، کە دەشێت تا سەدەیەکی تریش کاریگەری خۆی لەسەر خەڵکی عێراق بە گشتی و کورد بەتایبەتی چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چ لە ڕووی سیاسییەوە هەبێت هیچ خوێندنەوەیەکی تر هەڵناگرێت، دەشێت بە هەمان پێناسەش بڵێین: ئەو خاوەن وتارانە، کە خەریکن ڕۆڵی پۆلیس لە بواری ڕۆشنبیرییدا دەگێڕن پاشماوەی کولتوری حیزبەکان بن، چونکە ئەمانیش وەك حیزبەکان چۆن سەنگەری دوژمنکارانەیان لەیەك گرتبوو، بەڵام لەسەر تۆقاندن و تیرۆرکردنی دەنگێکی جیاواز لەنێوانیاندا کۆك بوون، ئاوا هاتوونەتە مەیدان و بەهەموو بیرە دژو ئایدۆلۆژییە جیاوازەکانەوە لەسەر ئەوە ڕێکن، کە ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە ناچاری هەڵوێستی یەکلاییکەرەوە بکەن، یا ناچاری بابەتی ڕۆژانەییان بکەن تا بیانهێننە ئاستی خۆیان و جنێوە بازارییەکانیان.

ئەو خاوەن وتارانە، کە خەریکن ڕۆشنبیریی کوردی بەرەو داوەشان و ڕیسواکردن دەبەن، مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر داهاتووی ڕۆشنبیریی کوردی هەیە، نەك لەبەر ئەوەی زەمانی فکر، تێرمان، بیرکردنەوەو دنیابینی بە شێوەیەکی نوێ بەرەو ئاستی قسەی ڕۆژانە، سادەو بێماناو ناوەڕۆك دەبەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی وەك زالوو لە زەلکاوەکەی خۆیان دێنە دەرەوەو لە گۆمە ڕوونەکانیشدا مەلە دەکەن، ئەمەیە مەترسیە گەورەکە، کاتێك گۆمە ڕوونەکان پڕ دەبن لە زالوو!.

ئەم دیاردە ترسناکە، کە دەخوازێت لە ژێر ناوی ڕۆشنبیرییدا هزری خۆی بەرەو باڵادەستی ببات و ببێتە گوتارێکی باڵادەست لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا، خۆی بۆ خۆی نەك هەر پاشەکشەکردنی ڕۆشنبیریی کوردییە، بەڵکو ڕۆشنبیریی کوردی لە تەسکترین چوارچێوەی ئایدۆلۆژی پەتیدا لەقاڵب دەدات و هەموو دیدی و زەمانێکی نوێ لەناو ئەو ڕۆشنبیرییەدا دەکوژێت، بۆیە من پێم وایە ئەم گوتارانە، مەبەستم ئەو گوتارانەیە، کە کاتێك ڕۆشنبیرێك باس لە کورد و کێشەی کورد دەکات، دەیئاخنێتە ناو بیری تەسکی نەتەوەپەرستی و دەیەوێت لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەو ڕۆشنبیرە وەك کەسێکی ڕاسیست و دژ بە مرۆڤایەتی بە خەڵك و خوێنەر بناسێنێت. گوتارێك ڕۆشنبیر ناچار دەکات بۆ ئەوەی بە یەك چاو لە دونیا بڕوانێت، لەکاتێکدا ڕۆشنبیر پێویستی بەوەیە نەك تەنها دوو چاوی بۆ بینین هەبێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە (لەپشتی سەرییەوە چاوێکی تریش هەبێت) بۆ بینین! لەبەرامبەر ئەمەشدا دژە گوتارێکی تر هەیە، کە ڕۆشنبیر ئەگەر کێشەو کارەساتەکانی کورد وەك کێشەو کارەساتی مرۆڤایەتی ناوزەند بکەن و بیانەوێت کارەساتەکان لە کوردبوونەوە بیگوازنەوە بۆ مرۆڤایەتی بوون، هەتا لەم ڕێگەوە چەمکی مەودای کارەساتەکان سنوری کورد بوون بۆ

جیهان بوون ببەزێنێت، بەچەپی سەرلێشێواو پیاوی دەوڵەتان و چەندەها وشەی کۆن و بێماناو سواوی تر دەیانپێچنە ناو نانەتەوەیی و دژ بە بەرژەوەندی نەتەوەیی و چەندەها زاراوەی تر، کە ماناکانیان بۆ جنێو دەگۆڕن.

بەکورتییەکی ڕۆشنبیریی ئێمە خەریکە لەنێوان دوو بەرەی دژ بەیەکدا دەبێتە بەشێك لە سیناریۆیەکی ترسناك، سیناریۆیەك، کە پێشتر لە هزری ئەو خاوەن وتارانەدا نەخشەی بۆ کێشراوەو بە ڕۆحیەتێکی حیزبی و ئایدۆلۆژی تەسکەوە نەك هەر دێنە مەیدان بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ڕۆشنبیریی کوردیدا دەکەن، تا ئەو جێگای بیانپێچنە ناو گەمە دۆڕاوەکانی خۆیان. ڕۆشنبیریی ئێمە خەریکە هەموو بەها ڕۆشنبیرییەکان، کە بریتییە لە کاری داهێنان، دۆزینەوەی دیدی نوێ و خوێندنەوەی نوێ بۆ ڕوداوو گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی جیهان لەدەست دەدات و دەگۆڕێت بۆ چەند وتارێکی کاڵ وکرچ لەسەر سایتە کوردییەکان. دیارە سایتە کوردییەکان چەنێك لەبەرامبەر ئەم دیاردانە بەرپرسیارن، ڕۆشنبیری کوردیش ئەوەندەو زیاتر بەر پرسیارە، کاتێك بێدەنگی هەڵدەبژێرن و ناخوازن وەك هێزو وزەیەك بۆ پێشگرتن بەم دیاردە دزێوانە بێنە مەیدان، وەك ئەوەی کاری ئەوان تەنها لە دەرەوەی واقیعییەکان بێت!. بۆیە من پێم وایە بێدەنگی ڕۆشنبیران و هەڵوێست وەرنەگرتنیان لەبەرامبەر واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا ئەو زەمینەی بۆ باڵادەستبوونی ئەو وتارانە ڕەخساندووە، هەتا وەکو پۆلیسێکی ناحەز بێنە ناو دونیای ڕۆشنبیرییەوەو بەو میتۆدەی، کە پاشماوەی کولتوری بەعسە ڕۆشنبیرانی پێ دادگایی بکەن، ئەڵبەتە مەبەست لە دادگایی تەنها ئەوە نییە خاوەن یاسایەکی سزادەربن، ئەوەندەی مەبەست لە دادگا تاوانبارکردنی ڕۆشنبیرانە تا دەگاتە ئاستی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی ناسنامەی نوێ لەسەر ئاستی سیاسی و مۆراڵ لە ڕێگای وتارەکانیانەوە. بێدەنگی ڕۆشنبیران لە بەرامبەر هاتنە ناوەوەی ئایدۆلۆژیستەکان بۆ ناو ڕۆشنبیریی کوردی بۆ شێواندن و ناشیرینکردنی وێنە ڕۆشنبیرییەکان، بۆ خۆی ڕۆشنبیریی کوردی بۆ ئاستی ڕاگەیاندنی حیزبی و سیاسی دەبات و لە چوارچێوەیەکی تەسکی حیزبایەتیدا فۆرمولەی دەکات، یا لە باشترین حاڵەتدا هەموو هەقیقەت و چەمکەکان دەشێوێنن و دەیانگۆڕن بۆ ڕوانگەکانی خۆیان. بۆیە من پێم وایە ئەرکی ڕۆشنبیری کورد لەوەدایە سنورێك بۆ ئەم خاوەن وتارانە دابنێت و ڕێگاو دەرفەتی ئەوەیان پێنەدرێت چیتر لەوە زیاتر لە ژێر پەردەی نەتەوەیی\نێونەتەوەیی بووندا دەستدرێژی بکەنە سەر کایە ڕۆشنبیرییەکان و بەرەو گاڵتەجاڕی ببەن، چونکە ئەگەر ئەم کارە نەکرێت، ئەوا وەك نیتسشە دەڵێت: (ناچارمان دەکەن لە گامێشەکانەوە فێری کاوێژکردن ببین) .

17. 5. 2003 Heidelberg

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت